ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی		مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٩		No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١		Data:

# بڕیاری ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٧) ئەندام، بەپشتبەستن بە بڕگەی (سیانزدەیەم) لە مادەی (شەشەم)ی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، لەسەر پێشنیازی زیاتر لە (سێیەکی) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نووسراوی قائیمقامیەتی قەزای شارەزوور ژمارە (١٦٠) لە ٢٠١٦/٢/٢٩و، پێشنیازی بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی وارماوا بە نوسراوی ژمارە (٧٧٧) لە ٢٠١٥/٩/٩و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن لە ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٣و داواکاریی خەڵکی ناوچەکە، بڕیاریدایە:

١. ڕەزامەندبوون لەسەر پێشنیازی گۆڕینی ناوی ناحیەی (وارماوا)لە قەزای شارەزوور، بۆ (زەڕایەن).
٢. ئەم پێشنیازە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان بەپێی خاڵی (٣) لەمادەی (بیست و شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلۆجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org